د. فەرەیدون کەریم:

پێویستە لەگفتوگۆکردندا چارەسەر بۆ سەرجەم کێشەکان بدۆزرێتەوە و هەندێک جار تەکتیک بەکاربهێندرێت، بەڵام نەک بۆ ئەوەی گفتوگۆ کۆتایی پێبێت، بەڵکو بۆ ئەوەی زیاتر بەرەوپێش بچێت

گفتوگۆ/ هێمن ئاری

(مفاوضات)، گفتوگۆ کردن بەیەکێ لەوبنەمایە دادەنرێت کە لەنێوان دوولایەنی جیاواز و بەرامبەر بەیەکتر ئەنجام دەدرێت، کە هەرلایەنێکیان بەرامبەر بەیەکتر بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە. لەسەر کێشەکان، ئەم گفتوگۆیەش بەمەبەستی رێککەوتن ئەنجامدەدرێت، دیارە بۆ ئەمەش کۆمەڵێک رێوشوێنی تایبەت دەگرێتە بەر کە پێویستیان بەشارەزایی و لێهاتووی تیمی گفتوگۆکان هەیە، بەواتایەکی دیکە گفتوگۆکردن خەڵکی شارەزاو لێهاتووی پێویستە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرانەی کە گرنگە گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت و بگەن بە دەرەنجامێک کەمایەی ڕەزامەندی هەردوو لایەنێت، بۆ ئەم مەبەستەش د. فەرەیدوون کەریم، کە 33ساڵە کاری نەخشەسازی دەکات لەوڵاتی ئەمەریکا لەسەر کۆمپیوتەرو، شارەزاییەکی تەواویشی هەیە لەسەر(مفاوضات)گفتوگۆ کردن و ئەو خاڵانەی کە گرنگن، تاکو ئێستاش لەزانکۆکانی سەلاحەدین و سلێمانی و دهۆک بۆ قوتابیان چەند وانەیەکی گوتۆتەوە، ئێمەش بەهاشمان زانی وەک شارەزایەک لەو بوارە چەند پرسیارێکی بۆ رۆژنامەی خەبات لێبکەین.

پێناسەی گفتوگۆکردن بەشێوەیەکی گشتی

سەرەتا د. فەرەیدون کەریم لەبارەی گفتوگۆ و پێناسەکەی بەشێوەیەکی گشتی گوتی: گفتوگۆ زانستە، زانستێکی سەخت و کۆنە، دوای چەندین ساڵیش بێت قەت بێدەنگ نابێن و دیسان دێینەوە سەر هەمان بابەت، کەواتە ئەوانیش هەرچەند تێیدا سەرکەوتووین بەڵام قەت ئاسوودە نابن، چونکە گفتوگۆ کە جارێکی تر دووبارە دەبێتەوە، لەبەرئەوەی رێککەوتن لەسەر هەربابەتێک بێت بکرێت ئەوا دەبێت هەردوو لایەن تیایدا سەرکەوێ، چونکە گەر یەکێک لەلایەنەکان دۆڕاندی 100ساڵی تریش بێت دەبێت بگەڕێنەوە سەری، لەساڵانی 1960ەکانەوە زانایانی گفتوگۆ بۆیان دەرکەوتووە و سەلماندوویانە دەبێ لەگفتوگۆ هەردوو لایەن تیایدا سەرکەون و ببەنەوە بەگوێرەی توانا کانی خۆیان، زۆر زانایانی بیرکاری و سەلێنراو هەن کار لەسەر ئەم لایەنە دەکەن وەک لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی.

هەروەها د. فەرەیدوون لەدرێژەیی قسەکانیدا باسی لەچەند جۆرێکی گفتوگۆکردن کردوو گوتی: گفتوگۆ چەند جۆرێکی هەیە، هەیە لەسەر ستراتیژی پێکهاتووە، هەیە لەسەر شێوەو تەرکیبی گفتوگۆ کە پێکهاتووە، هەیە لەسەر چەند پرۆسێسێک پێکهاتووە، کە چەند شێوازو رێگایەکی جیاواز کەسایەتی جیاواز پێکهاتووە، بەڵام لێرەدا زۆرجار هەڵەیە هەیە لە گفتوگۆ کردندا دەکرێت، بۆ نموونە دەڵێت: هێڵی سوورم دیار کردووە گفتوگۆ لەسەر ئەم هێڵەناکەیت کە دیارمان کردووە، بەڵام ئەمە هەڵەیەو مانای گفتوگۆکردن نییە، چونکە ناگەیتە هیچ دەرەنجامێک و کێشەکان وەک خۆیان بەهەڵپەستراوی دەمێننەوە، هەروەها ڕەنگبێ تۆ گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکدا بکەیت کە لەسەر ڕووپەڕی رۆژنامەکاندا بەسەدان جنێو و قسەی بەتۆ دابێت و قسەی خراپی لەسەرت کردبێ، لەوانە زۆری پیا هەڵدابی و، لەونەشە قسەی زۆری بۆ کردبی و هەوڵی کوشتنیشی دابێت، بەڵام کە تۆ چوویتە(مفاوضات) و گفتوگۆ کردن، ئەوا دەبێت هەموو ئەم شتانە وەلاوە بنێی و لاپەڕەیەکی تر هەڵبدەیتەوە تابگەنە دەرەنجامێک، چونکە تۆ لەسەر بابەتێک گفتوگۆ دەکەیت نەک لەسەر کەسایەتیەکان، گەرێتتوو بیرت لای کەسەکەبێت کەپیاوێکی خراپە، ئەوا هەرگیز ناگەیتە هیچ دەرەنجامێک.

خاڵە جیاوازەکان

دواتر د. فەریدوون کەریم ئاماژەی بەسێ بابەتی گرنگدا کە خاڵی سەرەکین لە هەر گفتوگۆ کردنێکدا دەبێت ڕەچاویان بکرێت کە زۆر گرنگن، ئەوانیش بریتین لە: قۆناغی پێش گفتوگۆ، قۆناغی ناوگفتوگۆ، قۆناغی دوای گفتوگۆ، کە هەریەکەیان قۆناغێکی جیاوازن لەگەڵ یەکتردا، زۆرجار هەیە لەو کارانەی کەپێش (مفاوضات) گفتوگۆکەوە بکەیت ئەوا لەگفتوگۆکەدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، چونکە ئیشووکارو کەسایەتیەکان، گەرێتتوو بیرت لای کەسەکەبێت کەپیاوێکی خراپە، ئەوا هەرگیز ناگەیتە هیچ دەرەنجامێک.

خاڵە جیاوازەکان

دواتر د. فەریدوون کەریم ئاماژەی بەسێ بابەتی گرنگدا کە خاڵی سەرەکین لە هەر گفتوگۆ کردنێکدا دەبێت ڕەچاویان بکرێت کە زۆر گرنگن، ئەوانیش بریتین لە: قۆناغی پێش گفتوگۆ، قۆناغی ناوگفتوگۆ، قۆناغی دوای گفتوگۆ، کە هەریەکەیان قۆناغێکی جیاوازن لەگەڵ یەکتردا، زۆرجار هەیە لەو کارانەی کەپێش (مفاوضات) گفتوگۆکەوە بکەیت ئەوا لەگفتوگۆکەدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، چونکە ئیشووکارو لێبینی و واز لەمیللەتی خۆی دەهێنیت، بۆیە دەبێت لەسەری بەردەوام بێت و بزانێ هەڵەکانی چی بوون و لەگفتوگۆی دواتر هەڵەکان چۆن چۆنی ڕاست بکرێنەوەو چی بکرێت باشە، چونکە گەر بەقسە نەگەیت بە دەرەنجام دەبێت بەشەڕ بگەیەنێ، بێگومان شەڕیش زیانێکی زۆری تێدایە و دەرەنجامی باشی لێناکەوێتەوە.

قۆناغی جیاجیا

دواتر لە درێژەی قسەکانیدا لە بارەی و گفتوگۆکردن، د.فەرەیدوون لەمەڕ قۆناغە جیاجیاکان و بەرەو پێشەوەچوون و گۆڕان چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت گوتی: بەر لەهەموو شتێ دەبێ ئامادەیی و پێشتر دەبێ بزانی بەرامبەرەکەت بە چی ڕازیە بۆ ئەوەیان دەوێت هۆکارەکەی چییە؟ ئەی گەر بدرێت بەوان چ زیانێکی بۆ ئێمە هەیە، دەبێ لە دڵی ئەو بگەی چی ئەوێت و ئەو ڕێگایە بگری کە ئەو پێی ڕازی بێت، چونکە ڕازی بوونی کەسی بەرامبەر زۆر گرنگە.

گۆڕانکاری و گفتوگۆ

پاشان لە بارەی پرسیارێکی ئەو سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەی کە جیهان پێیدا تێپەڕدەبێت ئەو قۆناغەی کە ئەمڕۆ کورد تیایدایە گفتوگۆکان چۆن بن باشە د. فەرەیدون کەریم گوتی : وشەی دوژمن لەگفتوگۆکردن دا نابێ باسی لێوەبکرێت و ئەم وشەیە بەکاربهێنرێت، دەبێ بڵێیی بەرامبەرەکانت ، دەبێ بزانن بەرامبەرەکانمان چیاندەوێت ، کورد لەمڕۆوە دەبێ هەوڵی ئەوەبدات خۆی بەهێز بکات و ئابووری لەڕووی سەربازی و ئابووری لەڕووی تەکنەلۆژیاو...

ئێستا ئابووری کوردی داڕزاوە، دەبێ هەوڵی بنیادنانەوە وپتەو کردنی بدەین ، هەرکاتێک بەهێز بوو رێزی لێدەگیرێت ، کەرێزی لێگیرا دەتوانێت قسەبکات گفتوگۆکردن هێزە، بۆ نموونە کە تۆ ژنێک دێنی کەسێک، مەلایەک دەبەیت بۆ خوازبێنی، ئەمەش بەکارهێنانی هێزێکە، ڕەنگە لەبەرئەوکەسەدا هەندێک تەنازولاتبکرێت ، جا مەرج نیە هێزەکەتەنها هی خۆت بێت، بۆیە دەبێت لەهەموو گفتوگۆیەکدا هەوڵی بەهێزکردنی خۆت بدەین ئێستاکە پێویستە لەسەر سەرکردایەتی کورد خۆی بەهێز بکات تا لەئەمانجەکانی نزیک بێتەوە بزانێ بەرامبەرەکەی چی دەوێت و بیر لەچی دەکەنەوە، دەبێ خۆت تێبگەی بەچی ناڕازی دەبێت و بەچەند ڕازی دەبیت و داواکاریت چییە ؟

دواتر دەبێ بزانی ئەوان بەچ ڕازی دەبن پاشان دەبێ لەنێو خۆتاندا دانوساند بکەن و لەناوخۆتانگفتوگۆ بکەن چۆن بەرامبەرەکەت شتێکی پێ خۆش بێت کەبیکەیت، دواتر چۆنی دەست پێبکەیت.

هەڵسوکەوت لەگفتوگۆکردن

دواتر بەڕێزیان ئاماژەیان بەو جمووجۆڵ و هەڵسوکەوتانە کردن کەڕۆڵیان هەیە لەبەرەو پێشتر بردی گفتوگۆ کردن و گوتی: دوای بڕینی ئەو قۆناغانەی بێشتر ئاماژەمان پێدا ، دەبێ بزانی چۆن دەست بەکاری گفتوگۆکردن بکەیت لەگەڵ کەسی بەرامبەردا، چەند رۆژئاواو کولتووری رۆژهەڵات و خود بینی بەرێزیان گوتی: رۆژئاوا هەیە، ئەورووپا هەیەو ئەمەریکا هەیە، میللەتی ئەمریکی ڕاستەوخۆ دەچنە ناو بابەتەکانەوەو لە چوارچێوەی بابەتەکەدا لانادەن هەر میللەتێکیش کولتوریکی خۆی هەیە، ئەورووپیەکان زیاتر حەز بە نەرمونیانی دەکەن، بە پێچەوانەی ئەمریکیەکان.

کورد و گفتوگۆ

دواتر لە وەڵامی پرسیارێکی تر کە میللەتی کورد لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوو چۆن گفتوگۆی کردووەو و تاچەند توانیویەتی بە درێژایی ماوە جیاجیاکان تا چەند پێشکەوتنی بەخۆوە دیووە بەرێزی گوتی: لە گفتوگۆکردن کوردستان زۆر پێشکەوتووەو فیدراڵی قبووڵ کراوە کە ئەمەش شتێکی زۆر گرنگە، پێشمەرگە هەیە، ئالای کوردستان بەرزکراوەتەوە خوێندن بە زمانی کوردی، ئەمانە هەموویان پێشکەوتنن و کاری باشن. تۆ لەگەڵ کۆمەڵێک دەژی کەلێک تێگەیشتن زۆر زەحمەتە، بە کوردو عەرەب فێری ئەوە بوویین یەک سەرکردایەتی هەبێت، ئەمانەش کاری زۆر زەحمەتن ئەو شتانەی کە داوا دەکرێت نازانرێت چۆن چۆنی داوا بکرێت، لێرەدا کە حکومەتی کوردستان باس لە فیدراڵ دەکات، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا حکومەتی کوردستان خۆی فیدراڵی داوە بە دەزگاکانی خۆی؟ چونکە کارەکان هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ ناوەندی، بۆیە هێشتا فیدراڵیەت نەدراوە، پێویستە تا زووە فیدراڵی بدرێت بە میللەت بۆ ئەوەی بتوانێن خۆمان دروست بکەین، پێویستە حکومەت لایەنە پەیوەندارەکان و دەزگاکان و مەرکەزەکان لەوە بگەیەنێت شارەکان بەرەو پێش ببەن، کارەکان دابەش بکرێت، هەر یەک کاری خۆی بکات لە هەر شوێنێک کەسێکی شیاو دابنرێت تا کارەکان بەرێکی بەرێوەبەبات. وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا بەر لەوەی بچین بۆ هەر گفتوگۆکردنێک شتەکان یەک لایکەینەوە، بزانین ئەوان چیان دەوێت و داوای چی دەکەن؟

حەزیان بە چیە ؟ ئێمە حەزمان بە چیە ؟ جیاوازییەکان چین؟ دەبێت لە هەر دانووستانێک هەوڵی ئەوە بدرێت شتەکان لای ئەوان ئاسان بێت، وەک ئەوەی لای ئەوان ترسێکی دروست کردووە، دەبێ لە هەموو گفتوگۆیەک پێشتر ئەگەری بۆ دابنرێت، لێرەدا بیروبۆچوون و دراسەت لە هەموو شتێ گرنگترە. سەرکردەی کەمترین شەڕ بەسەربازی خۆی دەکات و هەرددەمیش سەرکەوتوو دەبێت، بۆیە دەبێ بیر بکەیتەوە و بزانی لەبەرچی ئەو شتە نادات، هۆکارەکانی چین؟

لەوانەیە هەندێک جار مەبەستی ئەو کەسە تەنها ڕاگرتنی کەسایەتی خۆی بێت، دەبێ لە گفتوگۆکردندا چارەسەر بۆ سەرجەم کێشەکان بدۆزرێتەوە، هەندێک جار تەکتیک بەکار بێنە، بەڵام نەک بۆ ئەوەی گفتوگۆکان کۆتاییان پێبێت، بەڵکو بۆ ئەوەی زیاتر بەرەوپێش بچێت.

گفتوگۆکردن لە نێوان دوو کولتور پاشان بەڕێزی لە بارەی گفتوگۆ لە نێوان هەردوو کولتووری پێگایەکی جیاوازی هەیە لەچۆنیەتی قسەکردن و هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن و شێوازی دانیشتن، دەبێ بەشێوازێک دەست بەکاری گفتوگۆکردن بکەیت بەرامبەرەکەت بۆ خۆت ڕابکێشی، هەندێک جار دەبێ بزانرێت چ جۆرە نەخۆشیەکت هەیە، ناتوانێت لە کاتژمێرێک زیاتر دابنیشن، لەکاتی دانیشتنەکەدا بێزاردەبێت و هەڵسوکەوتێکی تر دەنوێنێت و گفتوگۆکان هەرەس دێنێ، بۆیەو دەبێ بەرلەوەی دانوساندن لەگەڵ کەس بکەیت، کەسایەتی و بۆچوونی ئەو بخوێنیتەوەو لەکوێوە دەست بەقسەبکەیت و لەسەرچی رێککەون، لەنێو گفتوگۆکاندا چی دەکەین ، دوای گفتوگۆکان چی و بەچ شێوازێک بڵاو دەکەنەوە، دەبێ قۆناغ قۆناغ کارەکان بکەی، چونکە بەر لەگفتوگۆ دەبێ سایکولۆژی و خودی کەسە کە بخوێنیتەوە، لەهەموو گفتوگۆیەکش سەرناکەوی بەڵام دەبێ ئازابیت و هەوڵی ئەوە بدەیت گفتوگۆکان دانەخرێن و کۆتاییان پێنەیەت، چونکە سەرکردەی ڕاستەقینە شتێکی وا ناکات گفتوگۆکان دابخرێن و کۆتاییان پێبێت، سەرکردەی ڕاستەقینە میللەتەکەی لەشەڕ نزیک ناکاتەوە، دەبێ لەگفتوگۆکاندا هەمیشە هەوڵی ئەوەبدەین بەرامبەرت ڕازی بێت و جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەرکێشەکان، دوای گفتوگۆکان ڕادەگەیەنن ، دەبێ وابکەی لەکاتی قسەکردن لەبەردەم خەڵک قسەبکات و خاوەنی قسەی خۆی بێت و پاشگەز نەبێتەوە، بەڵام وازهێنان و نەچوون بۆ گفتوگۆ شکستهێنانی سەرکردەیە، چونکە سەرکردە دەبێ هەردەم بەرەو پێش بچێت نەک بەرەو دواوە.

> **“ میللەتی ئەمریکی ڕاستەوخۆ دەچنە ناو بابەتەکانەوەو لە چوارچێوەی بابەتەکەدا لانادەن هەر میللەتێکیش کولتوریکی خۆی هەیە، ئەورووپیەکان زیاتر حەز بە نەرمونیانی دەکەن، بە پێچەوانەی ئەمریکیەکان ”**

> **“ وشەی دوژمن لەگفتوگۆکردن دا نابێ باسی لێوەبکرێت و ئەم وشەیە بەکاربهێنرێت، دەبێ بڵێیی بەرامبەرەکانت ، دەبێ بزانن بەرامبەرەکانمان چیاندەوێت ، کورد لەمڕۆوە دەبێ هەوڵی ئەوەبدات خۆی بەهێز بکات ”**

دکتۆر فەرەیدون بۆ خەبات دەدوێت

ل سەر سیستەمێ CGI ل بریتانیا

چیرۆکا کاوەیێ ئاسنگەر ب زمانێن کوردی و ئینگلیزی دبتە فیلم کارتون

بلند محەمەد

پشتی ل کورسێ بێ کاران هەڤدو ناس دکن، دبێن کو ئارەزوویێن وان وەکو ئێکن و خەونا وان ئەوە ب شێوەیەکی ژ شێوەیان دلوپەکێ ژ کەلتورێ کوردی بۆ جیهانێ بدن ناسکرن.

هاڤی ئیبراهیم کو کورێ دهوکێ یە و ستورت پالمەر خەلکێ بریتانیایە، پشتی تێکەلیێ، بریارێ ددن ل گەل هەڤ کار بکن و چیرۆکا (کاوەیێ ئاسنگەر) کو داستانەکا کوردییە و پارچەیەکا گرنگە ژ کەلتورێ کوردی، بکەنە فیلمەکێ کارتونی و ل سەر سیستەمێ CGIکو سیستەمەکێ گەلەک پێشکەڤتیە و وێنە ب دووراتییێن سیێ ژی دهێتە دیتن.

هاڤی دبێژت:" بۆ ڤێ هزرێ مە پەیوەندی ب سەنتەرێ Good-win Development Trustکر ، ب ئەرێنی هزرا مە وەرگرت و پشتەڤانیا دراڤی بۆ پرۆژەیێ مە دیارکر و دناڤ سەنتەری دا ئەم حەواندین.

هاڤی دپەیوەندیەکا تێلەفونی دا پتر دبێژت:" پشتی چیرۆک ب زمانێ کوردی هاتیە بەرهەڤکرن، مە پەیوەندی ب نڤیسەرو رۆژنامەڤان بلند محەمەد کر ژ بۆ پێداچون و دارشتنەڤەیا چیرۆکێ، وی ژی ب هووری و خەمخوری ئەڤ کارە ئەنجامدا. نهو ژی کار یێ دقوناغێن دوومایی دا و دشیاندایە پشکەکا مەزن ژێ بهێتە نیشاندان.

ل دور چاوانیا بەلاڤکرنا فیلمی ژی گوت:" دەمێ فیلمی کو 55 دەقیقەیە، مە ل بەرە ل هەمی دەڤەرێن کوردنشین ل ئوروپا و ئەمریکا و کوردستانا مەزن بەلاڤ بکین و ب هەردوو زمانێن ئنگلیزی و کوردی دێ هێتە بەلاڤکرن".

ل دور چاوانیا پەیداکرنا زارڤەکەران ژی ژ بۆ دەنگان گوت:" مە پەیوەندی ب گەلەک کوردێن ئوروپا کر یێن دەست دبیاڤێ هونەری دا هەی و خودان بسپور دبیاڤێ چێکرنا فلمان دا، هەروسا بۆ دانەیا ئنگلیزی ژی هندەک کەسێن دڤی بیاڤی دا کار کری ل گازیا مە هاتن و دەنگ مە تومار کرن". هەر وسا گوت:" بزاڤێن مە دبەردەوامن ژ بۆ دیتنا کومپانیایەکێ کو فیلمی بکرت و بەلاڤە بکت و ئەم پتر حەزدکین ل کوردستانێ بت".

بۆ پتر پێزانین و نیاسینا وان ئەکتەران یێن دڤی فیلمی دا کار کرین، دشیاندای سەردەانا ڤی سایتی بهێتە کرن کو تایبەتە ب چێکرنا فیلمێ کارتونی یێ کاوەیێ ئاسنگەر.

www.splsh-animations.com

هەژی گوتنێ یە، هاڤی ئیبراهیم دەرچویێ پەیمانگەها هونەرێن جوانە ل دهوکێ پشکا شیوەکاریا پەیکەری و پشکداری ددانان وچێکرنا چەند پەیکراندا کریە وەکو پەیکەرێ " دای شرین" ل دهوکێ. نهو ژی ئەو قوتابیە ل زانکوا لینکولن یا هونەرێن جوان ل بریتانیا.

ستورت پالمر

هاڤی ئیبراهیم

چاوپێکەوتن (دیمانە)

(دیمانەی ڕۆژنامەگەریی)

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: هەژار هەورامی

چاوپێکەوتن یەکێک لەجۆرەکانی بەدەستهێنانی ڕاستەوخۆی هەواڵە کە لەڕێگەی ئەو چاوپێکەوتنەوە لەبیر و هزری کەسایەتییە ناودارەکانی کۆمەڵگا ، یان بیروبۆچوونی خەڵکی ئاسایی کوچەو کۆڵان لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان، بەتایبەت گیرو گرفت وکێشەی ڕۆژانە ئاگادار دەبینەوە، هێندی جار چاوپێکەوتن بۆ وەرگرتنی زانیاری تایبەتە کە لایەنی چاوپێکەوتن ئەو زانیاریە لەلایە، وڕۆژنامەوان لەڕێگای پەیوەندی بەو کەسایەتییەوە زانیاریە وەدەست خراوەکان بۆ ئاگاداری خەڵک بڵاو دەکاتەوە کۆمەڵگای لێئاگادار دەکاتەوە خوێندران، بیسەران وبینەرانی ڕۆژنامەکان، ڕادیۆ وتلفزیۆن لەڕێگای ڕۆژنامەوانە لەگەڵ بیروڕا، تایبەتمەندی وزانیاری کەسەکانی پێکهێنەر و دروستکەری هەواڵ وروداو ئاشنا دەبن.

ئەمە ئەرکی ڕۆژنامەوانە کەپاڵەوانی سەرەکی هەواڵ یان رووداوێک ببینێتەوە وپرسیاری لێ بکات، وەڵامەکەی بنووسێتەوە لەگەڵ زانیاریەکانی تری ئەو کەسە، هەواڵ وئەگەر پێی خۆش بوو شێوەو ڕەسمیشی بڵاوبکاتەوە.

لەڕاستیدا ئەو کەسەی کەچاوپێکەوتن دەکات وەک نوێنەری بەکارهێنەرانی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ کەسێک قسان دەکات وچاوی پێدەکەوێ کەئەوان ناتوانن ببینن وراستەوخۆ لەسەر ئەو بابەتانەی کەلایان گرینگە بیدوێن.

چاوپێکەوتن یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاریە، کە ڕۆژنامەوانی زۆر کەلکی لێوەردەگرێ، ئیمیل لودویگ(emil ludwig) نووسەری بەناوبانگ دەڵێ: چاوپێکەوتن (دیمانە) یەکێک لەبەچێژترین وخۆش ترین جۆرەکانی دەنگ وباسە.

ڕەنگە هێندێک کەس وابیر بکەینەوە کەچاوپێکەوتن جگە لەتەسجیل ونووسینەوەی ووتوێژێکی ئاسایی نییەو بەم جۆرە هەموو دەتوانێ بەپەیوەندی ڕاستەوخۆ بگات بەو ئاکامەی کە ڕۆژنامەوان گەیشتووە، سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسایەتیەکانی لایەنی چاوپێکەوتن بەزۆری دەست نادات بۆ کەسانی ئاسایی، ئەو کەسەی کەچاوپێکەوتن ساز دەدات دەبێ خاوەنی هێندی تایبەتی بەرچاو وکارامەیی ڕۆژنامەوانی بێت تاکو بتوانێ بگات بەئاکامێکی بایەخدار.